# هەندێ تێبینی لەسەر وتەکەی مەسعود بارزانی

**شاخەوان شۆڕش**
2006.06.09

لەم وتارەدا بەکورتی هەندێ سەرنجی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە وتەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لەمەڕ ئاڵا و کۆمەڵی کێشەی دی دابووی، دەخرێتەڕوو.
وەکو هەمیشە تێبینی دەکرێت، وتە و دوانەکانی سەرۆکەکان و بەرپرسەکان لەزۆر لایەن کەموکوڕیان هەیە و ڕەخنە هەڵدەگرن. گەلێجار گۆتنی وا هەیە ڕاست نییە یا ناتەبایە لەگەڵ کردەوەکاندا. دیارە هۆکاری سەرەکی درێژەی ئەو دیاردەیە، نەبوونی سیستەمێکی دیموکراسییە، کە تیایدا دەزگا و میکانزمی دیموکراسیانە چاودێر بن، سنور دابنێن و لێپرسینەوە بکەن. هەرچۆنیبێ پێویستە جار جارە بە چاوی ڕەخنە لە وتەی ئەوان کە سەرۆکن و گوایە بەرژەوەندی کوردیان دەوێ، وردبینەوە و ڕاستی و فاکتەکان وەبیر بهێنینەوە.

من لێرەدا سەبارەت بە ئاڵا هێندە ناوەستم چونکە پێشتر بەکورتی لێی دواوم، پێویست ناکات دوبارەی تێبینیەکان لێرەدا بکەمەوە[1]. ئەوەی گرنگە لەو بارەیەوە بگوترێت ئەوەیە، نەک تەنها ئاڵای بەعس، بەڵکو ڕەوا نییە هیچ ئاڵایەکی ئێراق لەسەر خاکی کوردستاندا بشەکێتەوە.

مەسعود بارزانی لە سەرەتای وتەکەدا[2] دەڵێت، **"سەردەمی زمانی هەڕەشە نەماوە و گەلی کوردیش هەڕەشە لە کەس قبووڵ ناکات و هەر کاتێک پەرلەمانی کوردستان ومیللەتی کورد ڕازی بوون لە سەر ئەوەی کە بە سەربەخۆیی بژین، ئەوە سەربەخۆیی خۆمان ڕادەگەیەنین".**
گەلی کورد هەمووی سەربەخۆیی دەوێ و ئەوەش لە ڕیفەراندەمە نافەرمیەکەدا سەلمێندرا، کەچی سەرۆک دەڵێ ئەگەر میللەتی کورد ڕازی بێت! ئەو هەر خۆی جارێکیان دانی بەوەنا و گوتی ئێمە داخوازی گەلمان بەلاوە ناوە. گەلی کورد هیچ کاتێک پرسی جیابوونەوە و سەربەخۆیی پێ نەکراوە، هەروەها پرسی بەئێراقیکردنی پێ نەکراوە. ئێوە چۆنتان ویستووە و تێگەیشتوون واتان کردووە، ئێستاش بەپێی کردار و فاکتەکان بدوێن باشترە، گوایە گەل لە ئاست ئێوە چی لەدەست دێ. پاشان تۆ چۆن سەربەخۆیی ڕادەگەیەنی، کە تۆ و هاوەڵەکانت نەتانتوانی مافی چارەنوس لە دەستوردا بسەپێنن، نەتانتوانی ئەگەری جیابوونەوە یاساییانە بکەن و بتوانن لە داهاتوودا دیموکراسیانە بەپێی بنچینەیاسای ئێراقی بەبێ شەڕ جیا ببنەوە. گەلی کورد ئەو مافەی لە بنچینەیاسادا پێ ڕەوا نەبیندراوە، کەچی تۆ و هاوەڵەکانت بەبێ پرسی خەڵک مۆرتان کرد. بێگومان کورد مافی خۆیەتی وەکو نەتەوەیەکی خاوەن خاک و بەها نەتەوایەتیەکان جیاببێتەوە، ئەوەش شتێک نییە ئێوە داتانهێنابێت. ئەنگۆ گوێتان لە گەل نەگرت و ڕێی بەغداتان گرتەبەر، کە چوونە ئەوێش لەسەر ئێوە بوو ئەو جیابوونەوەیە بەیاسایی و دیموکراسی بکەن، نەک لەگەڵ جیابوونەوە کارەسات و شەڕ یەخەی خەڵک بگرن. دیارە لەبەر گەلێ هۆ زۆر دوورە جیابوونەوە بە ئێوە بکرێت.

پاشان دێت و دەڵێت، **"من وەکو سەربازێک لە خزمەت پەرلەمان دامە و هەر شتێک کە داوام لێ بکردرێت و پێم بگوترێت دەریغی لێ ناکەم و پشتگیری پەرلەمان دەکەم".** کامە پەرلەمان جەنابی سەرۆک؟ ئەو پەرلەمانەی لە ئاست ئێوە و هاوەڵەکانت، لە ئاست پارتی دەسەڵاتداری ئێوە هیچ دەسەڵاتی نییە. پەرلەمان وەکو دەزگای مۆری ئێوە کار دەکات، پارلەمان لەگەڵ شنەبای ئارەزووی ئێوە سەما دەکات، کەچی تۆ دەڵێی من سەربازێکی پارلەمانم! ئێوە بڵێن ڕەش پەرلەمان دەڵی ڕەش، بڵێن سپی پەرلەمان دەڵی سپی. ئەندامانی پەرلەمان سەدا 80ی دەرویشی تۆ و مامەن، کامەیان زاتی ڕەخنە لە ئێوە دەکات. تا ئێستا کامەیان زاتی کردووە بڵێت، نەخێر جەنابی سەرۆک وانییە، مەگەر ئەو کەسە لە پاروی چەور و دۆلاری سەوز بێزار بوو بێت.

پاشان دێت و دەڵێت، **"پێویستە جەماوەر بزانێ کە ئێمە ئینقلابچی نیین و نامانەوێ بە زۆری دەسەڵات بگرینە دەست، شۆڕشمان کردووە لە پێناو رزگاری خەڵکی کوردستان و ئەو خەڵکەش دەنگیانداوە بەو دوو حزبە و بە حزبەکانی هاوپەیمانیش کە ئەمڕۆ لەو پەرلەمانە نوێنەری خەڵکی کوردستانن و سبەش دەتوانن بەو دەنگەی کە ئێمەو بۆ ئەم شوێنە هێناوە، دەرمان بکەن".** واپێدەچێ سەرۆک زۆر بڕوای بە دیموکراسی هەیە، بۆیە وا جەخت لەسەر هەڵبژاردن دەکاتەوە. نامەوێ لەسەر چۆنیەتی شۆڕشەکەی تۆ و ئەوانیتر بڕۆم، ئەوە خەلکی کوردستان بڕێکی باشی لێدەزانن. ناشمەوێ لەسەر ئەوە بڕۆم، ئێوە رزگاری بە چی تێدەگەن و چۆن سەیری دەکەن.
دیارە گۆڕانی ڕامیاریی جیهانی، گەلرەو، بڕیاری 688 و زۆنی نەفرینی 36 و دەستێوەردانی نێونەتەوەیی وایانکرد ئێوە بێنەوە سەرشانۆ. خواهەرناگری ئەنگۆ لە قۆرغکردنی دەسەڵات و پاوانکردن ئەزموونتان زۆرە، بۆیەش زیرەکانە خۆتان بەسەر دەسەڵاتدا داسەپاند، بەڵام با واز لەوە بێنین. پێویستە ئەوەشتان وەبیربهێنینەوە هەر ئێوە خەباتتان نەکردووە، خەڵک بەگشتی بە زۆر جۆر خەباتی کردووە. دیارە دەکرێ واتای خەبات لای ئێوە پێناسەی جیاوازی بۆ بکرێت. شایانی گوتنە هیچ خەباتێکی پاک لەگەڵ جوداکاری، دەستبەسەرداگرتن، پاوانکردن، مۆنۆپۆلکردن، تاڵانکردنی سەرچاوە و سامانی گەل دا نییە.
سەبارەت بە هەڵبژاردن، ئەو خەڵکەی کوردستان ئازادانە و لە هەلومەرج و کەشی ئازاددا دەنگی نەداوەتە تۆ و ئەوانیتر. کە سەردار دەنگی دا تۆ، بۆ ئەوە بوو لە کارەکەی دەری نەکەن. کە شلێر دەنگی دا تۆ، بۆ ئەوە بوو شوێنی خۆی لە فەرمانگە بکاتەوە. کە مام نادر دەنگی دا تۆ، بۆ ئەوە بوو ئەیلولانەکەی بۆ ببڕنەوە، کە پلکە ئەستی دەنگی دا تۆ، بە ئەوەبوو چیتر وەکو لایەنی نەیار سەیری نەکەن هتد. جەنابی سەرۆک لە کوردستاندا خەڵک ئازاد نییە، هۆیەکەشی ئیوەن. تا لەسەر ئەو "ئازادیەش" کە ئێوە بۆ خەڵکتان داهێناوە بڕۆن، بێگومان هەر خۆتان دەردەچن.

دوای ئەوە سەبارەت بە جاشەکان دەڵێ، **"ماوەیەک لەمەوپێش باسی کیانات مونحەلەکان هاتەوە گۆڕێ کە گوایە هەندێ لە موستەشارەکان بۆ وەرگرتنی مووچە پەیوەندیان بە لایەنە پێوەندیدارەکانەوە گرتووە. پاش راپەڕینی ساڵی 1991 سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بڕیاری لێخۆشبوونی ئەو کەسانەی دەکرد، چونکە بەرژەوەندی گەلی کورد لەسەرووی هەموو شتێک بوو، بەڵام بەو مەرجە کە کەس نەگەڕێتەوە بۆ سەر کارە پێشووەکەی".**
بەرەی کوردستانی لێبوردنەکەی دەرکرد، ئەو بەرەیە زۆر لەمێژە نەماوە، کەچی ئەو بڕیاری لێبوردنە هەر بەکارە. بەرەی کوردستانی ئەگەر ئەوسا لە بارێکی ناکایی ئەو بڕیارەی دەرکرد، پاشان لەبەرچی بۆ گەل نەگەڕایەوە و بپرسێ داخوا خەڵک و قوربانیانی ئەنفال لەو جاشانە خۆش دەبن؟ پەرلەمان دروست بوو، بەڕێوەکار دروست بوو، کەچی کەس ئەو پرسەی بە قوربانیان و خەڵک هەر نەکرد. ئێستا لەترسی ڕۆیشتنیان، هاوارتان لێهەستاوە و تورەن. باشە بۆ تا ترسی ڕۆیشتنیان نەبوو پیاوی باش بوون؟ خۆ ئەوانە لەناو ئێوە وەکو جاران بە ئارەزووی خۆیان لێی دەخۆن و تا بەعسیش مابوو گەلێکیان پەیوەندی خۆی هەر هەبوو، بەڵام ئێوە لەبەر گەلێ هۆ بێ دەنگ بوون. پاشان دەڵێی، **"بۆیە لێیان بوردرا چونکە بەرژەوەندی کورد لەسەروی هەموو شتێک بوو".** کەوایە بۆ پێشبڕکێتان لەسەر وەرگرتنی جاشەکان بوو؟ بۆچی پارتی دوژمنی یەکێتی و یەکێتیش دوژمنی پارتی وەردەگرت؟! بۆچی داڵدەتان دان، قەڵەوتانکردن و پلەوپایەتان دانێ؟ بۆچی ڕزگارتان کردن؟ لێرەش هەر بەرژەوەندی کورد لەسەروی هەموو شتێ بوو؟!

سەرۆکی کوردستان دەڵێ، **"نابێ ئاڵای بەعس هەڵدرێت"**، زۆر باشە و لاموایە هەموو کوردستانیەک دەستخۆشی لە هەنگاوی ئەوها دەکات، بەڵام بۆ هەوڵی لابردنی یاساکانی بەعس نادەن، بۆ بەیاساکانی بەعس کاردەکەن؟ یاساکانی بەعس چوونەتە ناو قوڵایی هەموو کونوکەلەبەرێکی کۆمەڵگە لە بواری کۆمەڵایەتیەوە بگرە تا دەگاتە ئازادیەکانی مرۆڤ. بۆ دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستاش کاریان پێدەکرێت؟ لە تەلەڤزیۆنەکانی خۆتان رۆژانە ئاماژە بە یاسا و ڕیساکانی ڕابردووی سەردەمی بەعس دەکرێن. بۆ پیادەی کەلتوری بەعس دەکەن؟ بۆ درێژە بە سیستەمی بەڕێوەبردنی پێشووی بەعس دەدەن؟ ئایا ئەوە تراژیدیا نییە؟!

سەبارەت بە بەشی کوردستان لە داهاتی ئێراقدا دەڵێ، **"ئەو میزانیەی بە هەرێمی کوردستان دەدەرێت 17% نییە و زۆریش لە 17% کەمترە، بەڵام رێژەی ئێمە لە 17% کەمتر نییە".**
باشە لەبەرچی دەبێ خۆتان لە دزینی سامانی گەل لەلایەن عارەبانەوە بێدەنگ بکەن، ئەدی ئەنگۆ بەناو "شوانی" گەلی باشوری کوردستان نین؟ کە دەزانی ڕێژەی تۆ لە 17% زیاترە، بۆ بەوە ڕازی بوون؟ ئەوەیە یەکسانیتان لە ئێراقی ئاشتی و برایەتیەکەتان؟ ئەی تۆ ناڵێی کێشەمان ڕژێم بووە و عارەب باشن؟ ئەو برا عارەبانەی تۆ، بۆ ئەوها

بێویژدانن و دان بە بەشی ڕەوای کورد لە داهاتدا نانێن؟! پاشان هەر لەو ڕستەیەدا دەڵێت، **"تەحەدا دەکەین با سەرژمێرەیەکی کوردستان بکەن، ئەگەر ڕێژەی ئێمە لە 25% کەمتر بوو، ئەوا با هیچ بە ئێمە نەدەن". تا ئێستا هیچ** ئامارێک نییە ئاماژە بە ڕێژەی سەدا 25ی کورد لە ئێراقدا بکات. لە هەڵبژاردنەکەی دواییدا کە سونەش بەشداریان کرد، ڕێژەی کورد خۆی لە دەوروبەری سەدا 20 دا. باشە ئەگەر ئامار کرا و ڕێژەی کورد کەمتر دەرچوو، ئەوە بە گۆتەکەی سەرۆک بێت، کورد دۆڕاندی و تەواو. دیارە لەسەر ئەو گۆتەیەی ئەو ئامارە ناکرێت، بەڵام کە سەرۆک بەڵگەی دڵنیای بەدەستەوە نییە، ئەو گۆتنە بازاڕیانە نەکات باشرە. پاشان خۆ ئەوە کێشەیەکی کەسی نییە تا مەرج و قوماری لەسەر بکرێت، ئەوە مافی گەلێکە. ئەنگۆ خۆتان وڵاتی داگیرکەرتان دروست کردەوە، خۆتان عارەبتان هێنایەوە و ڕێکتانخستنەوە و پاشان چوون داوای مافتان لەوان کردەوە. ئەنگۆ خۆتان ئەو ڕێگایەتان هەڵبژارد، گەلتان لە چارەنوس ئازاد نەکرد و پرستان پێی نەکرد.

پاشان هەر لەسەر پارە دێت و دەڵێت، **"هەروەها ئەگەر بێتە حیساب کردن، ئەوا ئەوان 80 ساڵە پارەی ئێمە دەبەن و دەیکەن بە تۆپ و فرۆکە و وڵاتی ئێمەی پێ وێران دەکەن، بۆیە ئەوان قەرزاری ئێمەن و هەقی خۆشمانە 17% وەربگرین و هیچ خێر نییە بە ئێمەی بکەن".**

ئەوانە کێن، هەر تەنها ڕژێمەکان دەڵێی؟ ئەوە عەبدولکەریم قاسمیش دەگرێتەوە، کە تۆ ئاڵاکەی بەرز دەکەیتەوە! ئەو ئاڵایەی لە ژێریدا کوشتاری کورد پیادەکرا، هەڵسانی چەکداریی ئەیلول ڕوویدا؟ کەواتە بۆ لەو تاوانانەی پێشی سەردەمی بەعس ناپێچنەوە؟ ئەو دادگایەی کە تۆ و هاوەڵەکانت پشتگیری دەکەن و نووسینەوەی مێژووی گەلی قوربانی کوردتان داوەتە دەست، ئەوە لەو خەڵکە عارەبەیە و تەنها لە 35 ساڵ دەکۆڵێتەوە؟ ئەنگۆ ئەوەی پێشی 68 بەرامبەر بە کورد کرا هەمووتان بە قوربانی ئێراقی نوێ و بەرژەوەند و دەسەڵاتی خۆتان کرد.

لە کۆتاییدا سەبارەت بە کێشەی کەرکوک دەڵێ، **" بە نیازین لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نووسینگەیەک بۆ چاودێری چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە دابمەزرێن".**

ئەوە خەریکە 2007 دێت و هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ نەهاویشتراوە، ئێستا بەتەمان نوسینگەیەک بۆ چاودێری چۆنیەتی جێبەجێکردنی دابنێن! لەبەرچی تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بە کردەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە نەنراوە؟ لەبەرچی هەرچی پڕۆژەی لابەلا هەیە، بە ملیاردی لێ خەرج دەکرێت، بەڵام بۆ ناوکی کێشەکە لە هەنگاوی کیسەڵی زیاتر شتێکی دیکە بەدی ناکرێت؟ لەبەرچی بۆ هاتنی عارەب بۆ کوردستان هەر زوو، لە کوردستان و ئێراق بڕیار بۆ ئاگاداری و مسۆگەری بژێوی خێزانی عارەب دەردەچێت، کاریان بۆ دەدۆزرێتەوە، زەویان پێ دەفرۆشرێت، بەڵام بۆ هەزاران ئاوارەی گەڕاوەی کەرکوک پارە خەرج ناکرێت، زەویان بەناو ناکرێت، یارمەتیان نادرێت؟

جەنابی سەرۆک و ئەوانیتر کە دەسەڵاتتان بەدەستە، ئێستا خەڵک باشتر دەتان ناسن، چیتر کردەوەکانتان لەخەڵک شاراوە نییە. خێڵەکیزم، فەرمانڕەوایی پارت و پارتپەرستی، نیپۆتیزم (خزمخزمێنە)، مۆنۆپۆلکردن و پاوانکاری و گەندەڵیتان لە خەڵک شاراوە نییە. لەبەر گەلێ هۆ و فاکتەر، ئێوە شیاوی ئەو دەسەڵاتە هەرگیز نەبوون، دیارە سەلماندیشتان لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتەدا نین. ئەو شتە کەمەی کراوە زۆر بچوکترە لەوەی گەلی کوردستان خەوی پێوە دەبینێت، جگەلەوەی ئێوە گەلێ کێشەی دیکەتان لەگەڵ خۆتان هێنا و ئێستا گەل دەبێ بە ناچاری خەمیان لێ بخوات.

[1] سەیری وتارەکە لە ڕیگای ئەو ناونیشانە بکە:
http://www.kadirshorsh.com/Alai%20KerimQ.%20alai%20Kurdkujyie..5.6.05.pdf
[2] وتەکەی مەسعود بارزانی لە سایتی پەیامنێر دا هەیە سەیری:
http://www.peyamner.com/article.php?id=60456&lang=kurdish